## پارەی مانگانەی باغچەی منداڵان چەندە؟

لە نەرویژدا ئاستێک بۆ پارەی مانگانەی باغچەی منداڵان دیاری کراوە. ئەمە بەم مانایەیە کە باغچەی منداڵان ناتوانێت داوای پارەیەکی زیادتر لەم مەبلەغە لە دایکوباوکان بکات کە ساڵانە لە رێگەی پەرلەمانی نەرویژ دەستنیشان ئەکرێت.ئێوە جگە لەمە

پارەی خواردنیش ئەدەن. ئەم پارەیە لە باغچەی منداڵانێکەوە بۆ باغچەی منداڵانێکی تر کەمێک جیاوازی هەیە.

بڕە پارەی مانگانەی باغچەی منداڵان لێرەدا دەست ئەکەوێت: .www.bergen.kommune.no/pris-barnehageplass

ئەو خێزانانەی کە داهاتی کەمیان هەیە مافی داشکاندنی پارەی مانگانەی باغچەی منداڵانیان هەیە.

ئەتوانن لێرەدا زیادتر سەبارەت بەمە بخوێننەوە www.bergen.kommune.no/redusert-foreldrebetaling

## هەڵبژاردنی باغچەی منداڵان و داوای جێگا لە باغچەی منداڵان

ئێوە ئەتوانن لە رێگەی ئەم ماڵپەڕە www.bergen.kommune.no/barnehageplass داوای جێگە لە باغچەی منداڵان بکەن. لە ئەپلیکەیشنی داواکاری (دوگمەی شین) ئەتوانن ئەو باغچەی منداڵانە بدۆزنەوە کە لە شوێنی ژیان کردنی ئێوە نزیکن. لیستەی گشت باغچەکانی منداڵان لە شاری بەرگن لەم ماڵپەڕەدا دەست ئەکەوێت:

www.bergen.kommune.no/barnehager

ئێوە ئەتوانن لە رێگەی ماڵپەڕی www.barnehagefakta.no باغچەکانی منداڵانی ناوچەی خۆتان بدۆزنەوە.


© Kristin Hauge

*Innbyggerservice, Kaigaten 4.*

### ئایا لە بۆ داواکاردن پێویستیت بە یارمەتی هەیە؟

سەردانی Innbyggerservice i Kaigaten 4, ڕووبەڕوی Byparken بکەن یا پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی ٥٥ ٥٦ ٥٥ ٥٦ ٥٥ بکەن. لێرەدا لە بۆ داواکردن یارمەتیت پێ ئەدرێت، ئەگەر ژمارەی پێناسەی نەرویژیشت نەبێت.

BERGEN
KOMMUNE

Skipnes.no Svanemerket trykksak, 2041 0731 Foto forside: © Trude Haugen

KURDISK – SORANI

# باغچەی منداڵان – دەستپێکێکی باش



## باغچەی منداڵان – شوێنێک بۆ یاری، فێربوون و پێشکەوتن

- لە باغچەی منداڵاندا منداڵەکەتان تێکەڵاوی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ منداڵانی تر ئەکرێن. منداڵەکان لەگەڵ کەلتوورر، زمان و حەزەکانی یەکتر ئاشنا ئەبن. منداڵ لە رێگەی یاری و چالاکی تر لە گەڵ منداڵان و گەورەساڵانی تردا لە توانییەکانی خۆی کەڵک وەرئەگرێت. منداڵ هاوڕێ پەیدا ئەکات، توانابیەکانی کۆمەڵایەتی ئەو گەشە ئەسێنن بەر لە دەستپێکی قووتابخانە و ئەزموونی وا بەدەست ئەهێنێت کە لە گشت بوارەکانی گەشەسەندنا بەهێزی ئەکەن.

- گەشەسەندی زمانی منداڵ لە باغچەی منداڵاندا بەگەڕ ئەکەوێت. منداڵ لە رێگەی یاری و لێکۆڵین لە گەڵ منداڵانی تردا مامەڵە لەگەڵ بیر، بۆچوون، هەست و ئەزموونەکانی خۆی ئەکات. زمانی منداڵ لەم رێگەوە لە باغچەی منداڵاندا گەشە ئەسێنێت.

- منداڵ ئەتوانێت هاوکات چەندین زمان فێر بێت. باغچەی منداڵان بە هاوکاری لەگەڵ دایکوباوک مەجالی ئەمە بەدیئەهێنێت کە منداڵ زمانی دایک لە ماڵەوە فێر بێت و زمانی نەرویژیش لە باغچەی منداڵاندا فێر بێت.

- فێربوونی زمان پێداویستی بە کات هەیە. لێکۆڵینەوەکان دەریئەخەن کە فێربوونی زمان بە شێوەیەک کە بتوانیت قسەی پێبکەیت یەک تا سێ ساڵ ئەخایەنێت و فێربوونی زمان پێنج تا حەوت ساڵ ئەخایەنێت بۆ ئەوەی بتوانیت لە

بوارەکانی فێرکاری وەک فێربوونی نووسین و خوێندنەوە کەڵک لێ وەربگیرێت. بۆیە دەستپێکردنی باغچەی منداڵان لە تەمەنی بچووکەوە بە مەبەستی فێربوونی زمانی نەرویژی بەر لە دەستپێکردنی قووتابخانە گرینگە.

## باغچەی منداڵان – مەجال بۆ دایکوباوکان ئەڕەخسێنێت

کاتێک کە فەرمانبەرانی بە تواناو دڵسۆز لە باغچەی منداڵان ئاگاداری لە منداڵەکەتان ئەکن ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە مەجالی ئیش کردن یاخوێندنتان بۆ بڕەخسێنرێت.



© Trude Haugen



© Trude Haugen

## باغچەی منداڵان – دەستپێکێکی باش

باغچەی منداڵان دامەزراوەیەکی فێرکارییە کە پێداویستییەکانی منداڵ لە ئاگالێبوون، یاری و فێربوون دابین ئەکات و یەکەم هەنگاو لە بواری خوێندنی منداڵە. زۆربەی منداڵانی تەمەن نێوان یەک ساڵ و شەش ساڵ کە لە نەرویژ ئەژین، بۆ باغچەی منداڵان ئەچن.

## باغچەی منداڵان – مەجالێکی فێرکاری لە رێگەی هاوکاری نزیک لەگەڵ دایکوباوکدا

گشت باغچەکانی منداڵان لە دەوڵەتییەوە بگرە تا کەرتی تایبەت، پەیڕەوی لە یاسای باغچەی منداڵان ئەکەن. لە باغچەی منداڵاندا مامۆستایانێک دامەزراون کە بە لانی کەمەوە سێ ساڵ خوێندنی بەرزیان هەیە. ئەمەش بەم مانایەیە کە فەرمانبەرانی بە تواناو دڵسۆز کە زانستی زۆریان سەبارەت بە منداڵ هەیە ئاگاداری لە منداڵەکانی ئێوە ئەکەن.

بەدواداچوونی منداڵ لە رێگەی هاوکاری نزیک لەگەڵ ماڵەوە ئەنجام ئەدرێت. ئێوە ئەتوانن سەبارەت بەم پرسیارانەی کە هەتانە لەگەڵ فەرمانبەراندا قسە بکەن و بیروڕاو و پێشنیارەکانی خۆتان دەرببڕن کە بۆ بارووددۆخ و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی منداڵەکەتان گرینگیان هەیە. پەیوەندی نێوان باغچەی منداڵان و ماڵەوە بە تایبەت لە کاتی پەیوەندی نێوان کەلتوورە جیاوازەکان گرینگییەکی زۆری هەیە.



© Trude Haugen



© Trude Haugen